# «ئەنوەر سوڵتانی»
# مرواریيەک لە دەریای لێکۆڵینەوەی مێژوو و وێژەی کوردیدا

د. کامران ئەمین ئاوە



*حەیدەربابا! تاکاتێ غیرەتت ماوە نامری،*
*هەتا هەڵۆ هەڵدەفڕێ و لەلووتکەت لەنگەر دەگرێ،*
*بەردی سێڵاو ڕامالیو، سەری لەسەرت دەسوێ،*
*سەرهەڵێنە و بڕوانە، هیممەتی من ببینە!*
*شۆڕ بەوە و لێم ڕامێنە، باڵای کورتم ببینە!*
*(شەهریار)*

لە ڕاستیدا نووسین لەسەر کەسایەتییەکی وەکوو کاک ئەنوەر سوڵتانی نەک کارێکی هاسان نییە، بەڵکوو دژوارە و بوێرییەکی تایبەتیشی دەوێ. بە کام وشە و لە کام ڕستەدا دەکرێ کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی کاک ئەنوەر، ئاکار و ڕەفتاری، لەخۆبوردوویی، فیداکاری، جوامێری، پاکی و بێگەردی، هەستی دادپەروەری و یەکسانیخوازیی ئەو وێنا بکرێ؟ بە کام وشە و کامە نووسین، پلەی بەرزی دڵسۆزی، بەرپرسایەتی و خۆشەویستیی بۆ گەل و نیشتمان و، ماندوویی نەناسینی لە بە دواداچوون بۆ مێژوو و ئەدەبیاتی کوردستان و هەرچی و هەرکەسێک پێوەندیی بە زێد و نیشتمانە داگیرکراوەکەیەوە هەیە؛ هەروەها ڕێژەی لەژمارنەهاتووی بەرهەمەکانی کە وێرای کار و ژیانی دژواری دەرەوەی وڵات پێشکەشی کۆمەڵگای کوردەواریی کردوە، گەڵاڵە بکرێ و نیشان بدرێ؟

لە لایەکی دیکەشەوە ئەدی بە کام وشە و ڕستە دەتوانین نەک تاکی کۆمەڵگا، بەڵکوو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان بە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە سەبارەت بە قەدرنەزانین و کەمتەرخەمییان لە ئاست ئەو چەشنە کەسایەتییانە کە تەواوی ژیانی خۆیان بۆ خزمەت بە مێژوو و ئەدەبیاتی کورد، زیندووکردنەوەی بەرهەمی لەبیرکراو یان کارلەسەرنەکراوی وێژەیی و مێژوویی، یان ڕوونکردنەوەی گۆشە نەبینراوەکانی مێژووی کورد و بردنەسەرەوەی ئاستی ئاگاییی نەتەوەیی تەرخان کردووە، سەرکۆنە بکەین؟ ئایا ئێمە هەر دەبێ چاوەڕێ بین کەسایەتییەکانمان لە دەست بدەین جا پاشان ڕێزیان لێ بگرین و



باسی خزمەت و کارەکانیان بکەین، یان پێویستە و دەبێ تا کاتێک زیندوون و بە هەناسەی گەرم و بەتینیان لە ڕێگای گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی سامانی زانستی و کولتووری و بیری نەتەواوەیەتیماندا نەخش دەگێڕن، ڕێزیان لێ بگرین، زۆرتریان بناسێنین، یارمەتیی چاپ و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان بدەین و وەکوو تاکێکی پێزانی کورد ئەرکی خۆمان لەبەرانبەر ئەو هەموو خزمەت و فیداکارییانەی ئەواندا بەجێ بێنین و سەری کڕنۆش لەبەرانبەریان دانوێنین؟

نازانم بۆچی کەسانێک کە لە باری رووحی و مەعنەوییەوە لێمان نزیکن، بوونیان گەرمی و خۆشی دەدا بە ژیانمان، بە کار و ئاکار و بەرهەمەکانیان ڕێی ژیان و خۆشەویستی بە وڵات و نیشتمانمان نیشان دەدەن، هەتا لە ژیاندان نایانبینین؟ بۆ هەست بەو هەموو تین و گەرما و خێر و بەرەکەتەیان ناکەین؟ بۆچی بۆ ساتێکیش بێ، بیرلەوە ناکەینەوە کە هەتا هەن و لە نێومانن، دەبێ قەدرزانیی خۆمانیان پێ نیشان بدەین تا وانەیەک بین بۆ وەچەی داهاتوو کە فێر بن ڕێز لە کەسایەتییە ئەدەبییەکانیان، مێژوونووسەکانیان، زاناکانیان و توێژەرانی بواری جۆراوجۆری کۆمەڵ و نەتەوە و نیشتمانیان بگرن.

یەکێک لــەم کەســایەتییە بەنرخانە کە کەمتر ئـــاور لە خزمەتەکانی دراوەتــەوە کاک ئەنوەری ســولْتانییە. لێرەدا ئاورێکی کورت لە کەسایەتی، ژیــان و بەرهەمەکانی کەســێک دەدەینەوە کە پتــر لە چوار دەیەیە بێ هیچ چاوەڕوانییەک بە نووسین و توێژینەوە، خزمەتی مێژوو و ئەدەبیاتی نەتەوەکــەی و ڕەوتــی گەشەســەندنی بیــرو هزری نەتەوەیی و بیر و بــاوەڕی دادپەروەرانە، مرۆڤدۆســتانە و ئازادیخوازی لە نێــو نەتەوە و نیشتمانی خۆی واتە کورد و کوردستان دەکا.

## ئەو جۆرەی من کاک ئەنوەرم ناسی!

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی جومعەیەک، باوک و دایکم بە دەنگێکی نزم باســی یەکێکیــان دەکرد کە ماوەیەکە لە بەندیخانــە ڕزگار کراوە و بە هۆی سیاسی بوونییەوە، گەلێک ئەشکەنجە کراوە. ئەو قســانە بۆ منی میرمندالْی ١٠ یان ١١ ســالان شــتێکی تازە بوو. بێ ئەوەی ســەرنجی ئەوان بەرەو خۆم ڕاکێشــم خەریکی کایەی خۆم بووم و هاوکاتیش گوێم بە قسەکانیان دەدا، چاوەڕێ بووم لە نێو قســەکانیاندا بزانم ئەوە کێیە لەبەر دژایەتیکردنی شای ئێران ئاوایان بەسەر هێناوە؟ بۆ دەبێ کەســێک دژی شــا بێ؟! بۆچی دەبێ کەسێک کە ئاوا باوکم خۆشی دەوێ، ئەشکەنجە بکرێ و ئازاری بدەن؟ و زۆر بۆی دیکە ... هەروا کــە گوێ قولاخ بووم، ناوی کاک ئەنوەری وەفام بیســت. کاک عومەر برا گەورەی کاک ئەنوەرم بە هــۆی هەبوونی دووکانــە گەورەکەی، کە پڕ لــە کەرەســەی تەلەڤیزیۆن و ... بوو، دەناســی و دەمزانــی « وەفــا»ی پێدەڵێن، بــەلام کاک ئەنوەرم نەدەناســی. هەتا ســەردەمی شــۆڕش و پاش شۆڕشــیش هەر بە «وەفا»م دەناســی و نەمدەزانی کــە «وەفا» نازناوی شــێعریی کاک عومــەرە و، ناوبانگی بنەماڵەیان «ســولْتانی»یە و ئەمە، پێوەندیی بە خودی کاک ئەنوەرەوە نییە.

پــاش شۆڕشــی ٥٧ کــە ئیتــر تەمەنــم گەیشتبووە ١٥ ساڵ، کاک ئەنوەرم دوور و نزیک زۆرتر دەدیت، هەم مامۆســتای مێژووی من لە ســالْی دووی دەبیرســتان بوو و هــەم بە هۆی چالاکیی سیاســی و تەنانەت بوونی بە بەربژێری «ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران» بۆ مەجلیســی خیبرەگان و یەکەم هەلْبژاردنی مەجلیســی شــورای میللیــی ئێران»(لە دوای هاتنەکاری ڕێژیمــی ئاخوندەکان) و هتد ناوی وەکوو بەشــێک لە کەســایەتییە سیاسییەکانی بۆکان زۆرتر بەدەرەوە بوو. لە لایەکی دیکەشەوە کاک ئەنوەر دۆست و خۆشەویستی باوکم بوو و، هەتا زیندوو بوو شانازیی پێوە دەکرد و هەمیشە بە ڕێزەوە باسی کاک ئەنوەری دەکرد.

بەلام دۆستایەتیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی من لەگەڵ مامۆستای کاتی تازەلاویم دەگەڕێتەوە بۆ دەســتپێکی ســەدەی نوێ، بە تایبەتی پاش ئەوەی ســایتی «ڕۆژهەلات ـ بــۆکان» هاتە نێو دونیای مەجازییەوە.

پاش بلاوبوونەوەی فەرهەنگۆکێکی پزیشکیی فارسی ـ کوردی و کوردی ـ فارسیی من لە سەر سایتی بۆکان، کاک ئەنوەر بە ناردنی ئیمەیلێک دەستخۆشــیی لێ کــردم و داوای لێکردم لەم بوارەدا و بە تایبەتی لە نووسینی بابەتی پزیشکی بە کوردی بەردەوام بم و زۆرتر بنووسم. ئیتر لەو کاتەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، پێوەندییەکی بەردەوامــان پێکەوە هەیە و مــن هەرجار چ لەکاتــی چاوپێکەوتنی ڕاســتەوخۆ و چ لەکاتی پێوەندیی تەلەفوونــی و هتد وەکوو قوتابییەکی کۆن، بەلام ســەرڕووتاو و ڕدێنسپی هەمیشە و بەردەوام شتی لێ فێر دەبم و بە ناردنی بابەتەکانی خۆم، زەحمەتــی پێداچوونــەوەی دەدەمێ، لە پێشنیارەکانی گەلێک کەلْک وەردەگرم.

کاک ئەنوەر مرۆڤێکی نەرم و ئارامە، تەنانەت لەگەڵ نەیارانیشی گەلێک بە ڕێز و بە ئینسافە. وێڕای ئەو هەموو ڕەنج و زەحمەت و لێکۆڵینەوانەی کــە لە بواری جوراوجۆری پێوەندیدار بە کورد و کوردســتان کێشــاویەتی، لەخۆی ڕازی نییە و، قەت وشــەیەکم بۆ زۆرنرخاندنی خۆی و کەم بە حیســاب هێنانی کەسێکی دیکە لێ نەبیستووە. کاک ئەنوەر وێڕای ئەوەی لە کۆتاییەکانی دەیەی

۷۰ی تەمەنیدایە، بەڵام هەر وەکوو گەنجێک پڕکار و پڕ لە وزەیە. زۆرجار پێم وایە کاتی ڕۆژ و شەوی کاک ئەنوەر پتر لە ۲۴ کاتژمێرە، دەنا ئەم هەموو کار و بەرهەمەی خۆی، ئیش و کار بۆ بژیوی ڕۆژانە و پێداچوونەوە و ئەنجامی کاری ئەم و ئەو لەم ماوەیەدا بۆ جێبەجێ نابێت!! کاک ئەنوەر لەم پێوەندییەدا بۆ خۆی لە کورتەی ژیاننامەیدا دەنووسێ:

*« ئێستا چەند ساڵە ڕۆژانە ۱۶ سەعات دەخوێنمەوە و دەنووسم، بەشێکی زۆریشی بۆ وڵات و گەلەکەم. ئەگەر ڕەنجم کێشاوە، ئەرکم بووە و منەتم لەسەر کەس نییە، ئەگەر بەرهەمم کەم بووە، لەوە زیاترم پێ نەکراوە، خۆم خۆم باشتر دەناسم، بەهرە و توانام هەر ئەوەندەیە، هەرگیز خۆم هەڵنەکێشاوە و درۆم بە خەڵک نەگوتووە.»*

دەیان کتێبی نووسراو و وەرگێڕدراو و، سەدان بابەتی سەرنجڕاکێشی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی، بەرهەمی ساڵانی ژیانی تاراوگەیەتی. تەنیا سێ کتێبی شیکردنەوەی دیوانی سەید کامیلی ئیمامی(ئاوات) و «بۆکان لە مێژوودا» (کۆمەڵەی ۴۸۱ی وتار)، هەروەها کۆمەڵە بابەتی «کا چوو ما دانی» پتر لە ۴۰۰۰ لاپەڕە لە خۆ دەگرن.

داخەکەم، لە باشووری کوردستان وێڕای لەسەرکاربوونی دەوڵەتی هەرێم و هەبوونی دەیان دەزگای چاپی حکوومی و ناحکوومی، ئیمکانی چاپی ئەم کارە بە نرخانە نییە و بەردەوام هەن ئەوانەی بە جۆرێک لەم پێوەندییەدا دڵی کاک ئەنوەر دەشکێنن. مخابن، بە هۆی بڤە بوونی بەرهەمەکانی لە زێدی خۆشی، لەوەناچێ هەتا لەسەرکار مانەوەی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران، ئەگەری چاپی بەرهەمەکانی لە ئێران بۆ بڕەخسێ. ئەمڕۆکە، لەو شوێنەی دەبێ لە پێناوی گەشەسەندن و بەرزکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی، کولتوری و سیاسی سەرنج و بایەخ بە کاری ئاوا پڕ زەحمەت بدرێ، لەبەر نەبوونی سەرمایە و پشتیوانیی حکوومی و، نەبوونی بەرپرسایەتیی نەتەوەیی، کەس خۆی لەکاری وەها نادات، بەڵام وەرگێڕان و چاپی کتێبی جۆراوجۆر و بێکەڵک لە فارسییەوە بۆ کوردی، تەواوی باشوری کوردستانی داگرتووە. کاک ئەنوەر وێڕای ئەم بارودۆخەش، ڕۆژ و شەو بەردەوام و بێ‌وچان وێڕای وەئەستۆگرتنی پێداچوونەوە و کار لەسەر بەرهەمی زۆر کەسی دیکە، درێژە بە کار و تێکۆشانی خۆی دەدات.

گەورەترین خەمی کاک ئەنوەر، وەزعی کوردستان و ئەو بارودۆخەیە کە تێیدایە و، ئەم خەمە لە وتەکان، وتارەکان و لێکدانەوەکانیدا ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی هەیە. لە بەشێک لە ژیاننامەکەی خۆیدا دەڵێ:

*«ئێستا لە کۆتایی سەفەرەکەمدا حەسرەت و داخم سەربەخۆ نەبوونی کوردستانە و دڵنیگەرانی دوارۆژی کوردم بە دەست حوکمی داگیرکەران و بەتایبەت تورکیاوە، کە خەریکە هاوپشتیی مێژوویی کورد و ئازەربایجانی تێک دەدات و بە گژ یەکیاندا دەکات. بە گیان و دڵ پشتگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری وڵات دەکەم و هیوادارم شتێکی بۆ کورد لێ بەرهەم بێت... من، وەک ملیۆنها کورد و چەوساوەکانی دیکەی ئەم جیهانە، لە بێعەداڵەتی و نابەرابەریدا ژیام و وا لە هەمان بارودۆخیشدا سەردەنێمەوە. بەڵام ئاواتی دادپەروەی و بەرانبەری و ماف، ئەمڕۆش وەک دوێنێ هەیە، و هیوایە سبەی ڕۆژ بێتە دی. بە دوارۆژی مرۆڤ و لەناوچوونی بێداد و جیاوازیی چینایەتی گەلێک هومیدەوارم. بە هیوام گەلەکەم هەورازی بەردەمی ببڕێت و سەربەخۆ بێت، بەڵام هیچ گومانم لەوەدا نییە کە سەربەخۆیی بە تەنیا ناتوانێ وڵامدەری هەموو شت بێت ئەگەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەگەڵدا نەبێت، هیوایە ڕێبەرانی کورد لە باشوور ئەو ڕاستییە جیهانییە بناسن و ئیجازە نەدەن ژێرپێیان کلۆڵ بێت و هەر ئەو خەڵکەی کە*

*ئەوانیان گەیاندۆتە پلە و پایە، پشتیان تێ بکەن یا لە بەرانبەریاندا بوەستن، کارێکی ئەوتۆ کاخی ئاواتەکانمان دەڕووخێنێت.*

*خەمی ئەوەشـــمە کورد لە دەرەوەی وڵات هیچ دامەزراوێکی سەربەخۆی نییە. کوردی دەرەوەی وڵات لـــە مزگەوت دەچنە ژێـــر باڵی عەرەب و تورک و لە دیســـکۆدا بە مۆسـیقای فارســـی هەڵدەپەڕن! پەنابەری کورد سەرلێشـێواو و بێ بەرنامەیـــە، موخالفـــە و خەراپەکارییان زۆرە... کورد پێویســـتی بە ناوەندێک هەیە سیاســـەت و بەرنامەی بۆ ڕێـــک بخات، کورد لە دەرەوەی وڵات بێ پشـــت و پەنایە، لەشێکی بێ سەرە و دەبێ کارێک بۆ ئەوە بکرێت.*

*ئیتر بـا مەوعیزە نەکـەم، بـە کورتی خەمی دوارۆژی کـــورد دەخـــۆم و دەزانـــم هـــەر بەو خەمـــەوە ســـەر دەنێمەوە، بـــەڵام چ بکەردەن؟ ســـەری کورد ســـڵامەت! ئـــەو دوو فـــەردەی خـــوارەوە بەشـــێکن لـــە شـــێعرێکی خـــۆم:*

*بـــەڵام کاکـــە، ســـەری کووپـــە ســـڵامەت*
*ئەگـــەر هـــات و شـــکابێ ئیســـتیکانێک*
*گەلـــە و هـــەوڵ و خەبـــات و ئیســـتیقامەت*
*لـــە ڕێگـــە لابـــدا گـــەر ڕێ نەزانێـــک!»*

## کورتە ژیاننامەی کاک ئەنوەر

کاک ئەنـــوەر لە کورتە ژیاننامەکەی خۆی کە لە سایتی بۆکاندا بڵاو بووەتەوە، هەروەها لە زەنجیرە بابەتەکانی خۆی کە سەرجەمی لە ژێر سەردێری «بۆکان لە مێژوودا» چاپ کراون، بە باس کردنی ژیـــان و تێکۆشـــانی خۆی، ئەرکـــی جەماعەتی دیکەی لەم پێوەندییەدا ســـووک کردووە. بەڵام ئەگـــەر بمانەوێ بە کورتی باســـی کاک ئەنوەر بکەین، دەکرێ ژیانی بەم جۆرە پۆلێن بکەین:

### ١. ژیانی بنەماڵە:

■ لـــە دووی خاکەلێـــوەی١٣٢٣ واتـــە ٢٢ی مارسی ١٩٤٤ ساڵێک پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بۆکان لە دایک بووە.

■ نـــاوی لـــە ناســـنامەکەیدا«محەممەد ئەنوەر سوڵتانی بۆکانی»یە.

■ نـــاوی باوکی میرزا عەبدوڵـــڵا و دایکی ئامینە خانمی محەممەدیان بووە. کاک ئەنوەر سەبارەت بە بنەماڵەکەی دەنووسێ:

«باوکم، میرزا عەبدوڵڵای خەیات، کوڕی حاجی ئەحمـــەد- پیاوێکـــی هێـــدی و بێدەنگ بەڵام دژ بـــە ئاغـــا و دەرەبەگ! ئەوە چارەنووســـێکی ســـەیرە، میرزا عەبدوڵڵا، بەرگـــدرووی تایبەتی هەر ئەو ئاغاواتە بوو کە ئاوا خۆشـــی دەویستن! دایکیشم، ئامینە خانمی محەممەدیان- گەرچی لە ماڵـــە بابێکی دەوڵەمەند بوو، بەڵام هەســـت و بۆچوونێکـــی هاوچەشـــنی هەبـــوو، واهەیـــە شـــوێنی باوکم و کاکمی لەســـەر بووبێت. کاکم - عومەری سوڵتانی(وەفا) شـــاعیرێکی داهێنەر و کەســـایەتییەکی چەپـــی دژی دەرەبەگ بوو، بۆکانیش بە دووسێ شت دەناسرا، حەوزەگەورە و حەســـەن زیرەک و ئاغاواتی زاڵمـــی زۆردار، ناڵەشکێنە شیان لەگەڵ!»

■ خاوەنـــی ٢ خوشـــک: دادە حەلیمە و ڕووناک و برایـــەک واتە کاک عومەر بوو. بە داخەوە هەر سێکیان کۆچی دواییان کردوە.

■ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خاتوون نەسرینی بورنا لە ســـاڵی ١٩٩٠ پێکهێناوە و بەرهەمی ژیانیان کوڕ و کچێکی خۆشەویســـت و جێی ڕێز بە ناو ئاڵان و جوان –ە.

### ٢. دەرس خوێندن:

■ خوێندنی ســـەرەتایی و ناوەندیی تا پۆلی ١٠ لە بۆکان،

■ دەستپێکی خوێندن لە دانشسەرای سەرەتایی ورمێ لە ساڵی ١٣٣٩/١٩٦٠،

■ ســـاڵی ١٣٤٧[١٩٦٨] بە بەر دەرس گوتنەوە چۆتە زانکـــۆی ئەدەبیـــی زانســـتگەی تاران و لیسانسی مێژووی وەرگرتوە.

### ٣. کارکردن:

■ لە ســـاڵی ١٣٤١/١٩٦٢ مامۆستای قوتابخانە

لە گوندی «باغلووجە»، پاشانیش گوندی سەرا و بوغدەکەندی بووە.
■ هاوینی ساڵی ١٩٦٥/١٣٤٤ شاربەدەر کرا و بە فەرمانی خانم «فەروخروو پارسا» جێگری وەزیری پەروەردەی ئێران، بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە کوردستان دوور خراوەتەوە، دوو ساڵ لە ئەراک و ٦ ساڵ لە «شەهری ڕەی»ی نزیک تاران کاری مامۆستایی کردوە.
■ لە ساڵی ١٩٧٤/١٣٥٣ هەتا ١٣٥٧ی هەتاوی، پاش ئازادبوونی لە زیندان و مەحکووم بوون لە دادگای نیزامی، نەیاندەهێشت بچێتەوە سەر کاری مامۆستایی. چەند مانگێک لە بۆکان لە دووکانی کاک عومەری برای کاری کردووە، پاشان نەمر کاک جەلیلی گادانی کارێکی لە شیرکەتی «انبارهای عمومی ایران» لقی تەورێز بۆ دەبینێتەوە و لەوێ دەبێتە مودیری ئیداریی بەشی ئازەربایجانی کۆمپانیاکە وەک کۆنتەراتچیی گومرکی ئێران.
■ لە ساڵی ١٣٥٨ بۆماوەیەکی کورت مامۆستای مێژوو لە دەبیرستانی گیانبەختکردوو «کەماڵ حەمیدی» بوو.
■ پاش کۆچکردن بۆ بریتانیا لە ساڵی ١٩٨٦ ماوەیەک دووکانداریی کردووە و پاشان بووەتە وەرگێڕی فەرمیی کوردی و فارسی بە ئینگلیزی.

### ٤. کار و چالاکیی سیاسیی:

■ هاوینی ساڵی ١٣٤٤ لەگەڵ زۆرێک مامۆستای کوردی بۆکان و مەهاباد و سەردەشت و بانە و سەقز لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لە نێو لاوان و ڕووناکبیرانی کورد لە ئێران «بە فەرمانی خانم «فەروخروو پارسا» جێگری وەزیری پەروەردەی ئێران، لە کوردستان شاربەدەر کرا و بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە وڵات دوور خراوەتەوە.
■ گیرانی لە پاییزی ساڵی ١٩٧٢/١٣٥٢ لە تاران، ئازادکرانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤/١٣٥٣. ئەو ماوەیە لە زیندانی «کومیتەی ضد خرابکاری»،«قزل‌قەڵا»، «ئێڤین» و «قەسر» لە تاران بووە.
■ پەیوەستبوونی بە ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧
■ پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران بوو بە ئەندامی «کۆمیتەی ئینقلاب» لە بۆکان
کاندیدی مەجلیسی خیبرەگان (دەوری یەکەم) لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨، و مەجلیس یا پەرلەمانی ئێران لە بۆکان ١٣٥٩/١٣٥٨( ئەم هەڵبژاردنە لە دوو قۆناخ، یەکەم لە ڕەشەمەی ١٣٥٨ و قۆناخی دووهەم لە بانەمەڕی ١٣٥٩ بەڕێوە چوو.)
■ ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە ساڵی ١٣٥٨
■ بەرپرسی ڕێکخراوەی فیدائیانی زۆرینە دەفتەری بۆکان - بەهار و هاوێنی ساڵی ١٣٥٩
■ بەرپرسی ڕێکخراوەی فیدائیانی زۆرینە لقی کوردستان بۆ ماوەیەکی کەم لە ساڵی ١٣٥٩
■ گیرانی بە هەڵکەوت لە تاران و ئازادبوونی پاش ١٠ ڕۆژ لە ساڵی ١٣٦٠
■ هاتنەدەر لە ڕێکخراوەی فیدائیانی زۆرینە لە ساڵی ١٣٦٠
■ پاش هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزبی توودەی ئێران و فیدائیانی زۆرینە بۆ ماوەی چەند مانگێک وەک میوان لای ئەندامانی فیدائیانی زۆرینە و توودە و کۆنگرەی چوار لە لای حاجی ئۆمەران و لۆلانی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٣٦٢ ماوەتەوە.
■لە ساڵی ١٣٦٤ / ١٩٨٦ بۆ بریتانیا کۆچی کردووە و بەردەوام بە توێژینەوە، نووسین وەرگێڕانی بابەتی پێوەندیدار بە کورد، هەروەها بەشداری لە کۆڕ و کۆمەڵ و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی کاناڵە کوردییەکاندا درێژەی بە کار و چالاکیی سیاسی، کولتوری و کۆمەڵایەتیی خۆی داوە.

### ٥. بەشێک لە بەرهەمەکانی کاک ئەنوەر: ئەو کتێبانەی چاپ کراون:

● ٢٠٢١ - «بۆکان لە مێژوودا- کۆمەڵەی ٤٨١

وتار سەبارەت بە مێژووی بۆکان»، سێ بەرگ، ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆشنگەری، ئاڵمان؛
• ۲۰۱۶ - «مقامات پیران طالبان از محمود تا عبدالرحمن (فارسی و کوردی)»، تصنیف استاد ملا صبغة الله رودباری سنندجی، ترجمه کردی از فارسی انور سلطانی؛ مقدمه تحلیلی، تنظیم، بررسی مجدد و شرح عرفانی دکتر محمدعلی سلطانی؛ آکادیمیای کردی، هەولێر؛
• ۲۰۱۴- «کتاب المعارف»، شەرحی شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی لەسەر سەرەتای مەسنەویی مەولەویی ڕۆمی؛ وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ سەر کوردی، شەرحی عیرفانی لە لایەن دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانییەوە، چاپی ئەکادێمیای کوردی، هەولێر؛
• ۲۰۱۴- «جذبه عشق»، کۆمەڵەی شیعرەکانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، وەرگێڕان لە فارسی و تورکییەوە بۆ سەر کوردی، شەرحی عیرفانی لە لایەن دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانییەوە، چاپی ئەکادێمیای کوردی، هەولێر؛
• ۲۰۱۰- «کوردستان ئەی خۆشەویستم!»، بیرەوەرییەکانی بەهیەخانم فەرەجوڵلا زەکی مەریوانی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپی بنکەی ئاراس، هەولێر؛
• ۲۰۰۹- «ژیان و بەسەرهاتی نەمر سەیفولقوزاتی قازی»، بە هاوکاریی کاک حەسەنی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی؛
• ۲۰۰۸ – «مێژووی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی (۱۸۸۰)» نووسینی میرزا عەلی ئەفشاری ئورومی؛ دەستنووسێکی پارێزراو لە کتێبخانەی سواسی لەندەن؛ ساغکردنەوە بە هاوکاری کاک سەلاحەددینی ئاشتی و دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانی، چاپی بنکەی ژین، سلێمانی؛
• ۲۰۰۶ – «ژیان و بەسەرهاتی ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی؛
• ۲۰۰۶ – هۆز و تیرە و تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان – دەستنووسێکی فارسی، نووسینی میرزا شوکروڵلا سەنەندەجی (فخرالکتاب)، بە وەرگێڕانی کوردییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی؛
• ۲۰۰۶ – «سڵاو لە حەیدەربابا» – وەرگێڕاوی کوردی، شیعری محەمەد حوسێن شەهریار شاعیری ئازەربایجانی لە تورکییەوە، بە هاوکاریی کاک حەسەنی ئەیوب زادە، کتێب فرۆشیی ئەرزان، سوید؛
• ۲۰۰۶ – «مینۆرسکی و کورد» – کۆمەڵەی شەش وتاری ڤلادیمیر مینۆرسکی، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە ، چاپی موکریانی، هەولێر؛
• ۲۰۰۶ –«ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دا»
• وەرگێڕانی ۱۳۰ بەڵگەنامە لە ئینگلیزیەوە ، بنکەی ژین، سلێمانی؛
• ۲۰۰۵ –«درایڤەر و کورد» – کۆمەڵەی پێنج وتاری ج. ر. درایڤەر، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە ، بنکەی ژین، سلێمانی؛
• ۲۰۰۵ – «مەکەنزی و کورد» ـ کۆمەڵەی چوار وتاری د. ن. مەکەنزی لە سەر کورد، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، وەک بەشێک لە یەکەم ژمارەی «گۆڤاری کوردناسی»، چاپی ئاڵمانیا؛
• ۲۰۰۵ – «دوو ذەیلی شەرەفنامە« – دوو دەستنووسی فارسی و تورکیی شەرەفنامەی بەدلیسی، بنکەی ژین، سلێمانی؛
• ۲۰۰۳ – «تیۆری فەرمیی لێخورینی ترۆمبیل»، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بە هاوکاریی سێ کەسی تر، ئێدیتۆر کاک ڕێبوار موختار، چاپی ئاژانسی ستاندارد کردنی شۆفیری، بریتانیا؛
• ۱۹۹۸ – «کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی» – کۆمەڵەی شیعری ۴۱ شاعیری هەورامی، (دەستنووس)، ترەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن؛
•۱۹۹۷ – «مێژووی ئەردەڵان» – دەستنووس، دەقی فارسی بە هاوکاریی نەسرین بورنا، لەگەڵ وەرگێڕانی کوردی، چاپەمەنی نەورۆز، سوید؛
• ۱۹۹۷ – «۳۵ دەستنووسی شەرەفنامە لە کتێبخانەکانی جیهان»، کتێب فرۆشیی ئەرزان،

سوید؛
• ١٩٩٧ — «هێلکەی دۆڕاو، لێکۆڵینەوەیەک لە ژیانی ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی»، پاشکۆی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی پەیام، لەندەن؛
• ١٩٩٦ — ٢١ دەستنووسی کوردی (یا فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەکانی بریتانیا، کتێبفرۆشیی ئەرزان، سوید؛
• ١٩٩٦— «ئەلف وبێی کوردی بەپیتی لاتینی»، کۆمەڵەی سێ وتاری مینۆرسکی و ئێدمۆندز، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، کتێبفرۆشیی ئەرزان، سوید.

## کتێبی دووزمانەی منداڵان

• ٢٠٠٥ — ٢٠١٧ وەرگێڕانی ٣١ کتێبی منداڵان لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر کوردی و فارسی، کە هاوڕێ لەگەڵ دەقی ئینگلیزییاندا چاپ کراون، چاپی بنکەی «مانترا لینگوا»، لەندەن. هەروەها وەرگێڕان و تۆمارکردنی پێنج سی-دی کوردی و فارسی بۆ هەمان بنکە، ئێستا گەلێک کتێبی کوردی و فارسیی منداڵان بە تەرجەمەی کاک ئەنوەر لە لەندەن چاپ کراون و کوردییەکانیان بە دەنگی خۆی و فارسییەکان بە دەنگی هاوسەری، خاتوون نەسرین بورنا تۆمار کراون.

## وتار

• چاپی زیاتر لە هەزار وتار (تەرجەمە یا نووسین) لە چاپەمەنییە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا دەرەوەی وڵات سەبارەت بە دەستنووس، ئەدەب و مێژووی کورد.

## ڕانانی کتێب

• ١٩٩٦— ٢٠٠٧ ڕانانی کتێب بۆ دەنگی کوردیی ڕادیۆ ئەمریکا، ڕۆژ تی ڤی، تیشک تی ڤی و چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی دەرەوەی وڵات.

## بەرهەمی چاپ نەکراو

• شیکردنەوەی دیوانی سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)
• «کا چوو، ما دانی!» چەند وتار
• بەشێک لە وەرگێردراوەکان لە ئینگلیزییەوە
• «ژیان و شیعرە فارسییەکانی شاعیری میللی سەیفولقوزاتی قازی»

لێکدانەوەی ژیانی پڕبەرهەمی کاک ئەنوەر پێویستی بە کار و توێژینەوەی شارەزاکانی بواری جۆراوجۆری مێژوو و ئەدەبی کوردی هەیە و ئەوەی لێرەدا باس کرا تەنیا بەشێکی کەم لە ژیانی پڕبەرهەمی ئەو دەگرێتەوە.
ئێمەی کورد دەبێ سەرنج بدەینە ئەم خاڵە گرینگە کە سەرەڕای هەبوونی بیروڕای جیاواز و بەستراوەیی بە ڕێکخراوەی سیاسیی جۆراوجۆر و هتد، هەموومان بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەمان تێدەکۆشین و لەم سۆنگەیەوە پێویستە ڕێز لەوانە بگرین کە لە پێناوی بەرژەوەندیی کورد، ژیانی خۆیان بێ هیچ چاوەڕوانییەک بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان تەرخان کردووە. کاک ئەنوەر یەکێکە لە «مرواریەکانی نێو دەریای توێژینەوەی مێژوو و وێژەی کوردی» و، شوێنەواری لە مێژووی کورددا بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. لەم ڕێگایەدا بێگومان بێ پشتیوانی و هاوپشتیی هاوسەری بەڕێزی، خاتوو «نەسرین بورنا» نەیدەتوانی ئاوا پڕبەرهەم و چالاک بێ.
سپاس بۆ دادە نەسرین و ڕێز و پێزانین بۆ مامۆستای خۆشەویستم کاک ئەنوەری سوڵتانی.

## سەرچاوەکان

ـ ئەنوەر سوڵتانی، ژیاننامەیەکی کورت، بەشی نووسەرانی سایتی «بۆکان – ڕۆژهەڵات»
٢٠٠٧/١١/١١ پێداچوونەوەی ٢٠١٧/١٠/١٧
http://bokan.de
ـ ئەنوەر سوڵتانی، بۆکان لە مێژوودا – کۆمەڵەی ٤١٦ وتار، بەرگی ٢، بەشی بیرەوەرییەکان ٢٠٢١
ـ محەمەد حسێن شەهریار، سڵاو لە حەیدەربابا، وەرگێرانی لە ئازەربایجانییەوە: حەسەن ئەیووبزادە، ئەنوەر سوڵتانی، ساڵی چاپ ٢٠٠٦، چاپی یەکەم «کتابی ئەرزان» سوێد